# ڕاگەیاندنی ژمارە(4)

## هەڕەشەی ئیسلامیە فتوا چیەکان بۆ سەر( مەریوان هەڵەبجەیی) هەڕەشەیە بۆ سەر ئازادی قەڵەم و بیرو ڕا!

هاوئاهەنگ لە گەڵ هێرشی فاشیزمی ئیسلامی لە سەر ئاستی جیهان بۆسەر ئازادیە فەردی و مەدەنییەکان و ئازادی قەڵەم و ئازادی بیرو ڕا بە دوای بڵاو بوونەوەی وێنە کارتۆنیەکانی محمد ،ئیسلامیەکانیش لە کوردستان بۆ پەیوەست بوون بەم تەوژمە تاریک و ژەهراویەوە، مەریوان هەڵبجەییان کردۆتە نیشانەی هێرشەکەیان و لێرەوە هەڕەشەکانیان بۆسەر ئازادی بیرو ڕا دەربڕین تاوداوە بەدوای نووسینی کتێبێک لە لایەن ناوبراوەوە بە ناوی (سێکس وشەرع وژن لە مێژووی ئیسلامدا) کە بابەتەکانی بریتیە لە پەردەلادان لە سەر ناوەرۆکی دیدو بۆچون و ئایات و یاساو شەریعەتی ڕزیو گەندەڵی ئیسلامی و کارکردو ڕنگدانەوەیان لەسەر ئاستی کۆمەڵگا .یەکگرتووی ئیسلامی کە شەریکە دەسەڵاتی چەندساڵەی هەردو حیزبی دەسەڵاتدارە لە کوردستان و هەمیشە پاکانەی ئەوەی بۆ کراوە کە میانڕەوەو نەفرەت لە توندوتیژی دەکات ،لە هەوڵێکی کۆنەپەرستانەدا بۆ دەستدرێژی بۆ سەر بەها ئینسانیەکان پێشڕەوی مەلاو ئاخوندەو باڵەکانی تری ئیسلامیەکان دەکات و کەوتۆتە جووڵاندنی هەستی کۆنەپەرستی ئیسلامی لەدەزگا ڕاگەیانیەکانیدا بە دژی مەریوان هەڵبجەیی بە بیانووی ئەوەی کە موقەدەساتی ئیسلامی ڕووشاندووە ! . بەڵام کامە بەهاو کام موقەدەساتانە؟ ئەگەر قدەغەکردنی شایی وشادی ،ئازادی پۆشین ، تێزاب ڕژاندن بە قاچی ژنان ،جیاکردنەوەی کچ و کور لە قوتابخاناو دانیشگاکاندا ،تیرۆری ژیانی ئاسایی و سروشتی منداڵەکان ،خەتەنەی کچان ،چەند ژنە،فەرزکردنی بەزۆری سەرپۆشی ئیسلامی ،فەرزکردنی ژیان لەسەر خێرو سەدەقە ،بەکاڵاکردنی ژنان و فەرزی نابەرابەری لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ،یاساغ کردنی دوکانی مەشروبا ت و تەقاندنەوەیان

،سەنگەسارو بەردبارانی ژنان .....هتد بەلای ئەم جرو جانەوەرە ئیسلامیانەوە کارێک بێت بۆ پاراستنی موقدەسەکانتان ،ئەوە بەلای خەڵکی ئازادیخوازەوە ،کارنامەی هەمیشەو رۆژانەی رەشی ئەم کۆنەپەرستانەیە بۆ پاوانکردنی مافە سەرەتاییەکانی ئینسان لە کۆمەڵگادا .هێرش بۆ سەر مەریوان هەڵەبجەیی وەکو قەڵەمێکی بوێر ،هێرشە بۆسەر ئازادی بیروڕاو قەڵەم لە کوردستانداو دەبێت بەر بەم دەستدرێژی و هێرشە کۆناپەرستانەیە بگیرێت .ئەبێت ئازادی سیاسی و ئازادی بیروڕا لە کوردستاندا دستەبەربکرێت و هیچ حیزب و دەستەو تاقم و لایەنێک بۆی نەبێت ئەم سنورە لە ژێر هەر بڕوبیانوویەکدا ببەزێنێ .دەبێت ئەو دەستە و تاقمە ئیسلامیانەی کە هەڕەشەیان ئاراستەی مەریوان هەڵبجەیی کردووە ڕیسوا بکرێن و بدرێنە دادگا و چالاکی سیاسیان قەدەغەبکەێت و وەکو فاشی و نازیەکان سەیری هەڵسوڕانی سیاسیان بکرێت .پاراستن و سەلامەتی ژیانی مەریوان هەڵەبجەیی لەو بارودۆخەی کە ئیسلامیەکان لە کوردستان بۆیان خوڵقاندووە ،ئەرکی بێ ئەم لاو ئەولای دەسەڵاتدارانی کوردستانە وە بەتایبەتی یەکێتی نیشتیمانی کە حوکم و کاروباری ئەو ناوچەیە دەبات بەڕێوە کە مەریوان هەڵەبجەیی تێیدا ڕووبەڕووی هەڕەشەو دەستدرێژی ئدسلامیەکان بۆتەوە.ئێمە وەکو کۆمیتەی بەرگری لە ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین ،بە توندی ئەم هێرشە تیرۆریستیەی ئیسلامی سیاسی مەحکوم دەکەین و هەموو هەوڵێکمان دەخەینە گەڕ بۆ بەرپەرچدانەوەو ڕیسواکردنی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا.

پاراستنی ئاسایش و سەلامەتی گیانی مەریوان هەڵەبجەیی، ڕاستەو خۆ لە ئەستۆی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دایە

ڕیسوابێت فاشیزمی ئیسلامی

بژی ئازادی سیاسی و ڕا دەربڕین

کۆمیتەی بەرگری لەئازادی سیاسی و ڕادەربڕین –هۆڵندا

2006-2-5